# له دهۆک.. ڕۆژنامەی ئاسۆ ناخوێندرێتەوە.!

**موحسین جوامێر**

لە ژمارە 486 ی ڕۆژنامەی هێژای ئاسۆدا، پەیامێکی کورت لە دهۆکەوە؛ بڵاو کراوەتەوە.. هەڵەیەکی تێدا ڕاست کراوەتەوە کە لە لایەن پەیامنێری ئاسۆوە لە کاتی نووسیندا؛ ڕووی داوە.. ئەوەی سەرنجراکێشە ئەوەیە، لە پەیامەکەدا هاتووە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی ئاسۆ ناهێتە دهۆکێ و لە ئینتەرنێتەوە ئەو خەبەرەیان پێ گەیشتووە، بۆیە وەڵامدانەوەیان وەدرەنگ کەوت.

پیاو ئەگەر بەوردی لەم ئاماژەیەی سەرەوە ڕابمێنێ کە ئەوە دەگەیەنێت خوێنەری دهۆکی ئازیز لە زمانی ڕۆژنامەی ئاسۆ ناگەن، ئەوسا دەزانێ کە بەڕێزان لە یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی دهۆک ـ بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە دژی زمانی خوێندن، چ ناهەقییەک بەرانبەر بە کورد و کوردستان و هاوڕێ لەگەڵ شاری خۆیاندا دەکەن. لە جیاتی ئەوەی بێن ئەو پردەی لە نێوان هەموو کوردێن باشووری کوردستاندا هەیە، پتەوتر و مکوومتری بکەن، دێن یەک نەتەوە دەکەن بە دوو، پاشان هی دیکەش ڕادەکێشنە سەر شانۆکە، هەر چییە بۆ ئەوەی خۆیان لەم یاری و پیلانە بدزنەوە و حەشار بدەن.

ئەوجا داخوە ئەوانەی لە بوعد و مەودای مەسەلان ناگەن، چ کین و بوغزێک لە هەمبەر باقی نەتەوەی خۆیان هەڵدەگرن و چۆن بەنەعلەتیان دەکەن.؟ بابایەکی نازانێت خوێندن بە چەند لەهجە، چ مەترسییەکی لەسەر داهاتووی میللەتی کورد ـ وەک یەک گەل ـ هەیە و وا بزانێت سەیرانە و قەیدی چی دەکات، هەزار جار ئیمزات بۆ دەکات.. ئەرێ، ئەوەی گوێی لە سەیدا حەسەن سلیڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دهۆک، بێ، کە دەڵێت : ئەگەر بەرنامەی خوێندن سۆرانی ـ ! ـ بێت، ئەوا هەڵوێستی دیکە وەردەگرین و دەڕژێینە سەر شەقامان و مان لە خوێندن بە سۆرانی، دەگرین؛ پرسە بۆ کوردایەتی دادەنێت.

کە کاک ئەدیب پۆلات ـ ی باکووری کوردستان، لە کۆنفڕانسەکەی لە دهۆک بەسترا، جەزبەی لەهجان گرتبووی، دەیفەرموو نابێ ئێمە گەلێ مەیێ زازا ـ شمان لەبیر بچێت، دەبێ بوار بۆ ئەوانیش بڕەخسێ تاکوو بە زاراڤایا خۆیان بخوێنن و بنووسن؛ ئا ئەوسا گوتم : لیرە دوو، لەوێش دوو، ئەوە چوار، واتە چوار زمان و چوار میللەت.. والحبل علی الجرار.. باریکەللا.!

ئەوجا شتێکی سەیر و غەریب نییە، لەسایەی یەکێتیی نووسەرانی دهۆکێ، هەر ڕۆژنامەی ئاسۆ و ئەوانی دیکەی کوردستان، ناگەنە شاری دهۆک و ناخوێندرێنەوە، بگرە لەمەودوا ڕۆژنامەی تورکی زۆرتر و زووتر دەگەنە ئەوێ، چونکە لە سۆنگەی خێروبێری قوتابخانەی تورکی، خوێندن بە ( تورکی ) زۆر لە ( سۆرانی !) ئاسانترە، هاوکات هیچ ئیشکالێک نییە و پێویست ناکا کەس موزاهەرە بکات یاخود نەچێتە مەکتەبێ، هەروەک هێژا سلیڤانی دەفەرمووێ و خەریکی تەعبیئەی مەعنەویی جەماوەرە و مژوولی کۆکردنەوەی ئیمزایە لە دژی زمانی ژمەچێترو جنۆکان.
دەک، هەزار ڕەحمەت لە شیرت قارداش سلێمان دەمیرەل بەگ کە دەتوت : یاو، ئاخر هەق بدەینە کێ، کورد هەشت زمانن.؟!

2007/07/31

mohsinjwamir@hotmail.com